زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

Salahaddin University-Erbil

# ( ئیدیۆم لە شێوەزاری خانەقین )

پێشکەش بە بەشی ( زمانی کوردی ) کراوە, وەک بەشێک

لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە زمانی کوردی.

ئامادەکراوە لە لایەن:

**تارە ئەسکەندەر علی**

بەسەرپەرشتی:

**د.ڕێژنە سەیفەدین حسن**

2023-

**پێشکەش بە :**

**بەو کەسانەی ئاما نجیان گەیاندنی زانست و زانیارییە نەك تەنها بۆ بە دەست هێنانی ناوبانگ و پلەو پایە.**



**سوپاس و پێزانین** ..........

*زۆر سوپاس بۆ خودای بەخشندە و میهرەبان کە تاکە هێزی من بووە لە هەموو هەنگاوەکانم و هەوڵەکانم.

*زۆر سوپاسی دایك و باوکی ئازیزم دەکەم کە دەرفەتیان پێدام و پاڵپشتم بوون تا خوێندن تەواو کەم.

*زۆر سوپاسی مامۆستایەکانم دەکەم لە قۆناغی دەست پێکردنم تا ئەمرۆ بە تایبەتی مامۆستای سەرپەرشتیم (د.رێژنە سەیفەدین) دەکەم کە ئەرکی کێشا لەم توێژینەوەیە.

*سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە بەتەنها وشەیەك یارمەتی دەرمان بوون .



## پوختە

ئیدیۆم زاراوە و وشە و دەستەواژەگەلێکی تایبەتین بۆ بەخشینی مانایەکی قووڵ و جاری وا هەیە چەند مانا لە خۆیدا کۆدەکاتەوە لە هۆزان و چیرۆك و رۆمان و سیاسەت و تەنانەت قسەی رۆژانە شدا بەردەوام کەڵك لە ئیدیۆم وەردەگرین نووسەرەکان و رۆژنامەوانەکان زۆر کەڵکی لێوەردەگرن لەبەر ئەوەی ئیدیۆم کۆکردنەوەی مانایەکی زۆرە لە چەند وشەیەکدا , لە ئیدیۆمدا قسەی حەکیمانە و فەلسەفی و قسەی خۆش و نەستەقیش کۆدەبنەوە لە کوردەواری خۆماندا هەموو کەس سوود لە ئیدیۆم وەردەگرن لە نێو خەڵکیدا بە کەسێکی قسەزان و زیرەك لەقەڵەم دەدرێ,ئیدیۆمەکان گەنجینەیەکی پێشینان و لە باب و باپیرا نمانەوە بۆمان ماوەتەوە هیچ ئیدیۆمێك نییە ئەزموونێکی لە پشت نەبێ بۆیە نەخوێندەوارەکانیش لەئاخاوتنی رۆژانەیان سوودلە ئیدیۆم وەردەگرن بەگشتی خەڵکی دەشت و گوندەکانلە ئیدیۆمدا دەوڵەمەندترنلە خەڵکی شاران هەروەها کوردلە زۆربابەت و لایەنەوە بۆ سازکردنی ئیدیۆم سوودی وەرگرتووە .



## ناوەرۆك

پێشکەش بە......................................................ا
سوپاس پێزانین.................................................ب
پوختە................................................................ج
پێشەکی..............................................................1
بەشی یەکەم : ئیدیۆم لە شێوەزاری خانەقین..........................2
چەمك و زاراوەی ئیدیۆم......................................................2
پێناسەی ئیدیۆم.................................................................4-2
جۆرەکانی ئیدیۆم................................................................5-4
تایبە تمەندیەکانی ئیدیۆم ........................................................6-5
یاسا گۆرانکاریەکان.............................................................8-6
جۆرەکانی ئیدیۆم لەرووی رێزمانەوە ........................................11-8
گەشەی واتایی لە ئیدیۆم......................................................13-11
بەشی دوووەم: پۆلێنکردنی ئیدیۆمەکان ......................................14
کورتەیەك لە سەر زاری خانەقین............................................14
پۆلینکردنی ئیدۆمەکان بۆ( رستەیی و وشەیی )..............................15-17
ئە نجام................................................................18
سەرچاوەکان...........................................................19



## پێشەکی

## ناونیشانی توێژینەوەکە :-

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە( ئیدیۆم لە شێوەزاری خانەقینی ).

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :-** ئیدیۆم گرنگی زۆری هەیە لە نێو زماندا هەیە هۆی ئەوەیە لە شێوە ئاخاوتنی خانەقینی بە کەمی توێژینەوەی لە بارەی ئە نجامدراوە ، بۆیە هەوڵماندا بە شێوەیەکی کارەکی کار لەسەر هەندێ لە ئیدیۆم لە شێوە ئاخاوتنی خانەقین بکەین.

**ئاما نجی توێژینەوەکە :** ئاما نجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە وەڵامی چەند پرسیارێك بدەینەوە لەوانە :

1-مەبەست لە ئیدیۆم چییە ؟

2-گرنگترین ئیدیۆمەکانی لە شێوە ئاخاوتنی خانەقینی چین ؟

3-کام جۆری ئیدیۆم لە هەموو ئیدیۆمەکانی دی زیاتر بەرچاو دەکەوێ؟

**رێبازی توێژینەوەکە :** رێبازی ( وەسفی - شیکارییە ).

**سنوری توێژینەوەکە :** لە چوارچێوەی ئیدیۆمدا باس لە ئیدیۆمدا دەکات لە شێوەزاری خانەقینی.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە :** ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە جیا لە ئە نجام و سەرچاوە لە بەشی یەکەم باسی( چەمك و زاراوەی ئیدیۆم و جۆرەکانی ئیدیۆم و تایبە تمەندیەکانی ئیدیۆم.....هتد ) وە بەشی دووەم بریتییە لە باسکردنی شاری خانەقین و پۆلێن کردنی ئیدیۆمەکان و لە کۆتایدا لە لیستی سەرچاوەکان و ئە نجام و پوختەمان خستۆتە روو

## بەشی یەکەم

# (چەمك و پێناسەی ئیدیۆم )

## چەمك و پێناسەی ئیدیۆم:

-رستەیەکە واتایەکی دیکە دەبەخشێت، جگە لە واتاکەی خۆی , زمان و زاراوەی ناوچەیەکە کە کەسێك لە منداڵییەوە فێری بوو بێت , سروشتی زمان و قووڵیەتی تایبەتی ئەو زمانەیە , ڕێگای سانایی لێکبەستن و ڕێکخستنی وشەی زمانێکە بۆ دەربڕینی بیر, مەبەست زاراوەیەکی وەرگیراوەیان چەند وشەیەکی لێکبەستراوەیان شێوە راوێژێکی نەگونجاوە لەگەڵ نموونەی زمان کە بەسەریەکەوە واتایەك دەبەخشێت جیاوازە لەگەڵ واتای یەکەیەکی ئەو و شانەی ئدیۆمەکەی لێ پێك دێت (Oxford Advanced learners dictionary) هاتووە, لە فەرهەنگی

ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا هەر لە کۆنەوە وەك کەرەسەیەکی زمانی هەبووە اوە باب و باپیرا نمان دەیانویست بە کەمترین وشە و دەستەواژە زۆرترین مانا بەدەستەوە بدەن واتامێژووی دروست بونی ئیدیۆم دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبونی زمان کە مێژووی دیاریکراوی نییە زاناو بیرمەندان پێناسەو بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر ئیدیۆم دەربڕیوە ( عەلی, 1998 :ل 32 ).

لەبارەی پێناسەی ئیدیۆمەوە , چەندین پێناسەی جیاجیا بۆ ئیدیۆم کراوە هەرچەندە پێناسەکان لەیەك ئەکەن و لەیەکترەوە نزیکن بەلاَم جیاوازی شیان لە نێوانداهەیە , لەبەرئەوەی ئیدیۆم بابەتێکی زۆر ئاڵۆزە بەئاسانی خۆی نادات ە دەست بۆیە بەهۆی پێناسەکەوە وێنەی بابەتەکەمان بە وردی بۆ وەر ناگیررێت لێرەدا چەند پێناسەیەك دەخرێتە روو:

1-**ئیدیۆم** : یەکێکە لە شێوەکانی دەربڕینی چە سپاو بەوە جیادەکرێتەوە، کە چیرۆکی تێدا نییە وەکو وەسفکردنی رووداوێك یان رونکردنەوەویەك .

2-**محمد مەعروف فەتاح** : ( ئیدیۆم بریتییە لەو تێکەڵی و تێکچڕژانەی کە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێك دێنی ).

دیارە مەبەست لە( تێکەڵی و تێکچرژان ) ئاڵۆزی واتای ئیدیۆمە ئاڵۆزییەکە شی لە وشە پێکهێنەرەکانی ئیدیۆم دروست نەبووە نەکەوتۆتەوە, بەڵکو ( تێکەڵی و تێکچرژانەکە ) لە ئەنجامی گوێزانەوەی واتای بنجی بەرەو واتای خوازراو هاتۆتە ناوەوەو پەیدابووە چونکە لەم قۆناغەدا بارێکی شێواو و ئاڵۆز خۆی دەسەپێنێ بە سەر ئیدیۆمەکەدا یا شان بەڵگەیەکی ترمان ئەوەیە کە( تێکەڵی و تێکچرژان ) وشەکە و

دروستی ناکات چونکە( ( ئیدیۆم بە دانەیەکی واتایی دادەنرێ و پەیوەندی (( نواندن )) دەبەستێتەوە بە دانە ڕێزمانیەکانی ترەوە ) .( فەتاح , 1986:ل68 )

3-د. نەسرین مەحەمەد فەخری :( ئیدیۆم دەستە وشەیەکی جودا جوداو و تێکەڵ و سەربەخۆی زمانە پێکەوە واتایەکی تازەو تایبەتی و جوان و سفت و تیژ دروست دەکەن سەرەرای ئەوەی کە زاراوەیەکی بەهێز دێنێتە کایەوە دەیان خەنە سەر بارێکی پەسەند و چەسپاو )

پێناسەکە بەوردی ئیدییەممان پێ ناناسێ , زیاتر لەوە دەچێ کە پێناسەیەکی ئەدەبی بێت نەك زمانەوانی , بۆیە ئەم چەند دێرە وەسف کردنێکی ئاسایی ئیدیۆمە بۆ نموونە کاتێ ئەڵێ ( ئیدیۆم دەستە وشەیەکی جودا و جودا تێکەڵ....) کە وترا ( دەستە وشە ) مەبەست چەند وشەیەکە واتا لە دوو زیاترە , لە هەمان کاتدا( جودا جودا ).( عەلی, 1998 : ل 35 ).

4- ئیدیۆم : دەستەواژەیەکە کە ماناکەی روون نییە لە تێگەیشتنی وشەکان کە بە تەواوی وشەکانی ئەم دەستەواژەیە کۆبکرێنەوە لە رستەیەکدا ئەوا ماناکەی تەواو نادات وهەروەها ئیدیۆم پشت دەبەستێت بە زنجیرە وشەیەك .

5-ئیدیۆم : شێوازێکی دەربرینە تایبەتە بەزمانێك پێك دێ لە وشەیەك یان زیاتر کە تێیدا مانای دەقاو دەقەکەی گۆرایە بۆ مانایەکی گۆراو کە کۆمەڵیەك زمانەوان لەسەری رێك کەوتوون. ( شەریف,2005 : لا14 ).

6- عەزیز گەردی : ( ئەوەیە وشەیەك یان دەستەواژەیەك بێنێت کە واتایەکی دروستی خۆی هەبێت هەر لەو کاتەدا لەرستەدا مانایەکی تر بدات بەدەستەوە( عەلی, 1982 : لا20 ).

7- ئیدیۆم: بریتییە لەو تێکپچرژانەی کە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێك هاتووە کە واتاکەی لە واتای کەرتەکان یا پەیوەندی ڕێزمانی ئەم کەرتانە پێشبینی ناکرێن ئیدیۆم واتای فەرهەنگی وشە وەردەگرێ و بۆمەبەستێکی تری دەبات.( دزەیی, 2011 ).

8- ئیدیۆم: دەربرینێکی گونجاوە لەگەڵ فۆرمی پێکهاتەی تایبەتی زماندا و بەکارهێنان فراوان دەکات.( حسین, 2009 : لا14 ).

9- ئیدیۆم: ( ئەو دەربرینەیە , کە ناتوانرێت واتاکەی لە واتای وشە پێکهێنەرەکانیەوە هەڵبگوێزرێت ).( جلیل, 1369 :لا 53 ).

## *جۆرەکانی ئیدیۆم:

1- **ئیدیۆمی تێکچرژاو :** ئەوانەن کە مانای گشتیان بە هیچ جۆرێك بەند نییە بە مانای ئەو وشانەوە کە پێکیان هێناوە بەڵکو بەشێك لە ئیدیۆمەکە بریتییە لە وشەیەك کە خاوەنی مانای سەربەخۆی خۆی نییە نموونە : ( شت و مت, گوڵ و موڵ , گێژ و وێژ.......هتد ) بونەتە ئیدیۆم پێکەوە هاتوون یەکێکیان هیچ واتایەك نابەخشێ بە هۆی ئەوەوە بە ئیدیۆم دەناسرێ .

2- **ئیدیۆمی یەکگرتوو :** ئەوەیە کە مانای لە ڕێگای سەرپاکی وشەکانەوە پێکیان هێناوە ئاشکرا دەبێت بەشی هەرە زۆری ئیدیۆمی زمانی کوردی لە جۆری یەکگرتوو نموونە : ( زمان درێژ, لوت بەرز, سەر سەخت.....هتد ).

3- **ئیدیۆمی تێك ئاڵاو:** بە شێك یان وشەیەك لە فرێزەکە مانای سەربەخۆی خۆی هەیە نموونە : ( خۆی لە تەل داوە , مل لە چەقۆ دەسەێت, دووکەڵ لە ماڵی هەڵناسێ ......هتد ) ( لە تەل دان ) بەشێکی گرنگی فرێزەکە پێك هاتووە وە واتاکەی کردۆتە ئیدیۆم یان ( مل لە چەقۆ دەسوێت ) واتای خۆی خستۆتە حاڵەتێکی مەترسیدارەوە یان ( دوکەڵ لە ماڵی هەڵناسێ ) واتە هەژار دەگەیەنێ بە گشتی ئیدیۆم فرە واتایە.( عەلی, 1982 : لا19 ).

4-**ئیدیۆمی وەسفی :** بریتیە لە وەسفکردنی ئەو دەربڕینە بە واتایەکی گشتی بۆ نموونە : ( دەست سپی , بازار ڕەش , هێڵی فراوان .... ).

5- **ئیدیۆمی زیادە :** مەبەست لەو دەربڕینەیە زیادکردنی دەربڕینێك بۆ ئەو مانایە بۆ نموونە :( دەست کورت, بەیتی چیرۆك ).

6- **ئیدیۆمی ناوی :** واتا دەربڕین بەشێوەی ناوی بۆ نموونە : ( دەرچون لە قورگی شوشە , یاری لەسەر پەت, لوتی لە ئاسماندایە ).

7- **ئیدیۆمی کرداری :** واتا دەربڕین بەشێوەی کردار بۆ نموونە :( دانانی خاڵ لەسەر پیتەکان , کردنەوەی لا پەڕەی نوێ ).( سویفی , 2015 : ل 15 ).

## *تایبه تمەندیەکانی ئیدیۆم :

ئیدیۆم وەك كەرەستەيەكی زمانی خاوەنی چەند تایبه تمەندیەكه لەوانه :

1-واتای ئیدیۆم له كۆی واتای كەرتەكانی گەورەتره : بریتییه لەو زنجیرە وشەیه كه واتاكەی له واتای كەرتەكان گەورەتره واتای ئەم بەشانه نامان باته سەر واتای ئیدیۆمەكه وه توانای دۆزینەوەی واتاكه یمان ناداتێ بۆ نموونه :( كەوڵ.... پێست ) و ( كەون........نوێ ) یارمەتیمان نادات بۆ لێكدانەوەی واتای ئیدیۆمی ( كەوڵه كۆن ) چونكه به واتای ( پێستێكی كۆن ) نایەت وەك رۆنانه رێزمانیەكه دەری دەخات كه له ( ناو+ئیزافه+هاوەڵناو ) بەڵكو به واتای كەسێكی پیری پەك كەوته دێ چونكه لێره ( كۆن ) به واتای تەمەن هاتووه زیاتر له پیری نزیك بۆتەوه وه ( كەوڵیش ) بۆ ( نسبه ) بەكارهاتووه بۆ مرۆڤ كه شتێكی زۆر نا ئاساییه له بەر ئەوەی ( كەوڵ ) له كاتی ئاسایی بۆ مرۆڤ به كارنایات.

2-ئیدیۆم سەركەشەو كەم خۆی دەدات به دەست یاسای گۆرانكارییەوه یەكێك له تایبه تمەندیەكانی ئیدیۆم لەوەدایه سەركەشەو سەرپێچی له زۆربەی یاسا گۆرانكاریەكان دەكات له بەر ئەمەشه كه ئیدیۆم بۆته یەكێك لەو بابەتانەی كه زۆربەی زمانەوانەكان ( سەر به هەر قوتا بخانەیەك بن ئەم سەركەشیەی ئیدیۆم لەوه دەردەكەوێ كه زۆرجار فۆرم و رۆنانی نزیك خۆی لێوەی وەرناگرن :

## *یاسا گۆرانكاریەكان به شێوەیەكی گشتی دەبنه سێ چەشنەوە:

1-یاسای ئاسانكاری : ئەو یاسا زمانیانه دەگرێتەوه كه به هۆیەوه دەمانەوێ له دووپات كردنەوەی كەرەسەیەكی زمانی رزگارمان بێت ئەم چەشنه یاساییه به دوو شیوه دەبینرێ ( 1 ) ئەو یاسایانەی كه كەرەسته دووپات كراو دەسرنەوه .( 2 ) ئەو یاسایانه كه كەرەسته دەگۆرنەوه به كەرەستەی كورتر له خۆی بۆنموونه : (( نازانم كەی بێم بۆ لات )) له ( من نازانم , من كەی بێم بۆ لات ) وەرگیراوه به هۆی سرینەوەی راناوه

( من ) دوو پات بۆتەوه بۆ هەمان كەس ( من ) دەگەرێتەوه.

2-یاسای ئاخنین : بەو یاسایه دەوترێ كه هەندێ كەرەستەی زمانی دەئاخننه ناو رستەیەكەوه , ئاسایی ئەم كەرەستانه له رووی واتاوه بەتاڵن و زیاتر ئەركی رێزمانی دەبینن وەك ئەو یاسایەكه پاشبەندی( ه ) به دوای ئاوەڵناوی ئیشارەوه دەلكێن له كوردیدا :

( ئەو پیاو - ئەو پیاوە ) یان ئەو یاسایەی کە ( ی ) ئیزافە دەئاخننە نێوان دوو ناو یان ناوێك و ئاوەڵکارێك یان ناوێك و ئاوەڵناوێك ( گەرماو شیرین - گەرماوی شیرین ) ( پیاوەکە بەر دەرگا - پیاوەکەی بەر دەرگا )

( کوڕ ئازا - کوڕی ئازا )

3-یاسای پاش و پێش کردن : ئەو یاسایانەن کە شیوەی ریزبوونی کەرەستەکانی رستە دەگۆڕن و هەندێ کەرەستە پاش یان پێش رستەوە دەخەن وەك : ئەو یاساییانەی کە لا رستە دێننە پێش شارستەوە یان هەندێ هاوەڵناو دەبەنە پێش ناوەوە یان ئامرازی پرسیار دەبەنە پێش رستەکەوە بۆ نموونە :

1-من نایەم تا تۆ نەڵێیت / تا تۆ نەڵێیت من نایەم .

2-شیلان دوێنێ گەیشتە جێ / کەی شیلان گەیشتە جێ ؟

3- پیازی تەڕ / تەڕە پیاز .

4-کاڵەك و شووتی / شووتی و کاڵەك .

5-برۆن تا نەهاتوون بە دواتا / تا نەهاتوون بە دواتا برۆ.

*هەندێ ئیدیۆم هەن خۆیان نادەن بە دەست هیچ لەم یاسایانە و هەروەك خۆیان بێ ئەوەی فۆڕم بگۆڕن دەچنە گوتنەوە وەك:

1-ریس و گوریس بۆ من مەخوێنەرەوە .

*گوریس و ریس......

2-من تاقەتی ئەو راوە ریۆیەم نییە.

*من حەز لەم راوە ریۆیە دەکەم

3-کەوڵە کۆن .

*کەوڵێکی کۆن .

4-شەل نییە و پای شکاوە.

*شەل نیم و پام شکاوە

5-لەم بەند و باوە سەرم دەرناچێ.

*لەم باوو بەندە سەرم دەرناچێ .

*لەم بەند و باوە سەرم دەردەچێ.

- بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئیدیۆم زۆر کەمتر لە فریزی ئاسایی خۆی دەدات بە دەست یاسای گۆڕانکارییەوە هەرچەندە ئەم سەرکەشی و سەرپێچییەی ئیدیۆمیش لە ئیدیۆمێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ

3-ئیدیۆم بە واتا خوازراوەکەی زیاتر بەکاردێ و واتا پیتییەکەی بەرەو لە بیرچوونەوە دەروات:

ئاشکرایە زۆربەی ئیدیۆم لە قۆناغی ئێستادا لە دوو شێوە دا دەبینرێ ( 1 ) شێوەی ئیدیۆمی ( ئەوەی واتاکەی خوازراوە و دوورە لە واتای کەرتەکانیەوە ) و ( 2 ) شێوەی پیتی( ئەوەی کە واتاکەی لە کۆی واتای کەرتەکانیەوە دێ و بێ یارمەتی فەرهەنگ واتاکەی ئەدۆزرێتەوە ) بۆ نموونە : ڕۆنانێکی وەك (( سك سووتان )) هەردوو بەکارهێنانەکەی هەیە لەم نموونانە بۆمان دەردەکەوێ :

1-وریابە , لە زۆپاکە نزیك مەبەوە با سكت نەسووتێ .

-ئاگرەکە پرژایە ناو پشتێنەکەیەوە سکی سووتاند.

2-نەکەی ئازاری ئەو پیرەژنە سك سووتاوە بدەی , دوعای گیرا دەبێت .

-فاتە : سکت نەسووتێ !( منداڵەکەت نەمرێ ) .

لە کۆمەڵەی یەکەم ڕۆنانەکە فریزێکی بەرەلایە و واتاکەی لە ( سك ) ( سوتاندنەوە ) بەدی دەکرێ و هەموو یاسا گۆڕانکارییە ڕێزمانیەکانی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ بە واتایەکی تر( دەکرێ بە پرسیار , دەکرێ بە نەفی , ڕاناوەکانی دەگۆڕێت بە هی تر ) وشەی تری تێدا دەئاخێنرێ وەك ( سك سووتا , سکی زۆر سووتاوە, ئاگادار نەبی سکت دەسووتێ.... ) وە لە کۆمەڵەی دووەم ڕۆنانەکە ئیدیۆمە واتاکەی لە واتای کەرتەکانیەوە دوورە زۆر یاسای گۆڕانکاری ڕەت دەکاتەوە .

( فەتاح,1986: لا84-85).

## * جۆرەکانی ئیدیۆم ئیدیۆم لە رووی ڕێزمانەوە:

1-**ئیدیۆمی یەك وشەیی:** ئیدیۆم هەیە لە یەك وشەی سادە پێك دێ و ماناو مەبەستێکی زۆر دەدات بە دەستەوە وەك: ( سایە- سێبەر) , ( رووتە- هەژار) ,( ژان- خەم و خەفەتی ڕۆژگار)

2-**ئیدیۆمی دوو وشەیی**: زۆر ئیدیۆم هەیە لە وشەی لێکدراو درووست بووە بە هەردوو وشەکە مانای ئیدیۆمەکە ساغ دەکەنەوە وەك:

*دەست درێژ: خاوەن توانا و دەسەلآت.

*زمان درێژ: زۆر رەو , زۆر بلێ

*چاو تیژ : بەخشندە, یارمەتیدەر( شێخانی ).

3-**ئیدیۆم لە رستەدا:**

*شیری پشت گەندووانە : یارمەتیدەری کاتی نەخۆشی .

*کەنگرە بێ کەس نیم: خاوەن خزم و کەسم.

*دەزانی کێندەر فیسکان دێنێ: کەسێکی زیرەك کە دەزانێ کامە شوێن بەسوودە وە دەزانێ لە کوێ قسە بکات وە لە کوێ چی بکات .

-ئیدیۆم لە رستەیەکی دوورو درێژ دا وەك:

*هەر یەك جار گورگ بەسەر سەدەی مەحموود بایزدا دێت.

*هەموو رۆژێ کەڵ نامرێ کفتە بە دینار واتە : هەل یەك جار هەڵ دەکەوێ.

(شێخانی ,2010:لا43 ).

1-5 **ئیدیۆم لەرووی پێك هاتنەوە:**

1-وشەی لێکدراوی ئیدیۆمی: ( چڵکاو خۆر, سەر بە گۆبەند, چاو شۆر, دەستی گرت, بێ بەرە, بەرخی نێرە.... ) .

2-فرێزی ئیدیۆمی : ( دانی مار, درکی مەم و زین و داری واوەیلا...... ).

3-رستەی ئیدیۆمی: ( پارووی گەورە دەگلێنێت , رێ بە کونی مار دەبات...... )

( حسین,2009:لا 49 ).

## 1- 6 پلەكانی ئیدیۆم:

لێرەدا دەتوانین دوو چەشن ئیدیۆم لە یەك جیا بكەینەوە ئەوانیش ( ئیدیۆمی پلە یەك و پلە دوو ):

ئیدیۆمی پلە یەك : ئەو چەشنە ئیدیۆمەیە كە واتاكەی تەواو تاریكە و زۆر لە واتای كەرتەكان دوور كەوتۆتەوە , بەلاّم ئیدیۆمی پلە دوو بریتییە لە : ئەو ئیدیۆمەیە كە تا رادەیەك واتاكەی روونە یان بە هۆی ئەوەوە كە یەكێك لە كەرتەكانی واتا بنەرەتیەكەی خۆی پاراستووە دەتوانین بگەینە واتای ئیدیۆمەكان:

1-ئیدیۆمی پلە یەك : لەوشەی ( دلّ ) ەوە بۆ نموونە :

(( دلّ تەڕ )) لێرەدا هەردوو كەرتەكە گۆڕاوە واتا :

*لێرەدا كەرتی یەكەم ( دلّ ) نەك هەر كۆئەندامێكی لەشە بەلّكو لە جیاتی ئادەمیزادیش بەكارهاتووە .

*كەرتی دووەم ( تەڕ ) گۆڕانی بەسەردا هاتووە تەڕ بە واتای ( زەوق ) , ( قایم ) .

2- ئیدیۆمی پلە دوو: بۆ نموونە ( دلّ مردوو, دلّ رەق..... ).

*لێرەدا تەنیا یەكێك لە كەرتەكان واتاكانیان تەواو گۆڕایە ( دلّ ) لە هەموو ئەم ئیدیۆمانەدا بە واتای ( ئەو كەسە كە .... ) دێ. ئەم گۆڕانەش هێندە قوڵ نییە چونكە گۆڕانێكی بلاّوە نەك هەر لە كوردیدا بەلّكو هەر لە زمانی تریشدا روودەدات وەك بە كارهێنانی ( تاج ) یان ( كۆشك ) لە جیاتی پاشا دەوترێ بۆ نمونە ( كۆشك بڕیاریدا ) لە جیاتی ئەوەی بلّێین ( پاشا بڕیاری دا ..... )

*لێرەدا كەرتی دووەم گۆڕانێكی كەمی بەسەر دا هاتووە بە گۆران دانانرێ چونكە لە راستیدا لە واتای بنەرەتی وشەكاندا هەیە بۆ نمونە : ( دلّ مردوو ) لە واتای مردووە وەرگیراوە كە لە رۆنانێكی وەك ( زەوق مردوو ) هەستی پێدەكرێت.

( فەتاح, 1986 :لا 89-90 ).

## *هەروەها پلەیەكی تری ئیدیۆمان هەیە ئەوانیش:

1-ئیدیۆمی تێكپچراو: واتای ئەم ئیدیۆمە لە ئە نجامی توانەوەی واتای كەرتەكانەوە دێت لە ژێر كاری مێژووی خەلّك و كلتوورەكانیدا و كەرتەكانیان شوێن ناگۆڕن و رێكەش بە كەرەستەی تر نادەن لە یەكیان

بترازێنێت و خۆشیان پاش و پێش کەم دەکەن , کەواتە لەم ئیدیۆمە پێشبینی واتا لە کەرتەکانیەوە ناکرێت وەك: ( حازر و بزر , شایی لۆغان, چنگ لەسەر شان.....

**2-ئیدیۆمی لێکدراو:** لە ئیدیۆمی لێکدراودا تەنها یەکێك لە کەرتەکانی گۆڕانی واتایی بەسەر دادێ واتە ,ئیدیۆم لە وشەی بەستراودا یەکێك لە کەرتەکانی گۆڕانی واتایی بەسەردا دێ واتا فەرهەنگیەکەی خۆی دەپارێزێ وەك : ( گۆشتی خۆشە- برینی زوو چاك دەبێتەوە ) , ( سەر شۆرە , گوێی لێ خەفاندووە ), ( گوێی مسی تێکراوە , تێناگات ) ) بۆ نموونە وشەی ( دەم و چاو ) کە بە واتای ( روو ) کە واتاکەی لە کەرتەکانیەوە جیادەبنەوە وە زیاترە لە واتای دوو کەرتەکە( دزەیی , 2011 :لا43 ).

*هەروەوها ئیدیۆم گرنگی دەدات بە واتای کۆمەلآیەتی و بەکارهێنانی زمان دەدات , و ئیدیۆم لێکسیکۆلۆجی و پراگماتیك بەیەکەوە دەبەستێتەوە , ئەو ئیدیۆمانەی کە واتاکانیان لە کەرتە پێکهێنەرەکانیەوە نین واتا دواتریش ناتواندرێت وەرگێرانێکی وشە بە وشەی بۆ بکرێ تەنها لە سنووری وشەسازیدا نەبێت بۆ نموونە : ( زێری رەش, زمان درێژ, چاو پیس, سەر خۆر....... ).

( حسین, 2009 :لا56 ).

## *گەشەی واتایی لە ئیدیۆم :

گۆرانی واتایی لە خۆیەوە و بێ بەرنامە روونادات , ئەگەر وا بوایە کەس بە پێی یاسایەکی لۆجیکی و دەروونی بەرێوەی دەبات بۆ ئەوەی لە گەشەی واتایی بگەین کە بەسەر فرێزێکی بەرەلآ یان وشەیەکی لێکدراودا دێت دەیکات بە ئیدیۆم دەبێ دوو جۆر واتا لەیەك جیا بکەینەوە:

1-واتای سەرەکی: ( یان راستەوخۆ یان گشتی ).

2-واتای لاوەکی:( یان خوازراو یان تایبەتی ).

***جۆری یەکەم:** ئەو واتایە دەگرێتەوە کە وشەیەك یان کەرەستەیەکی زمانی تر کاتێك پەیدای دەکات کە خۆی بە تەنیا بەکار هاتبێت ( وەك ئەو واتایانەی کە فەرهەنگ تۆماری دەکات ) وەك : وشەی( باران ):

*ئێمە نەگەیشتبوینە مالەوە کە باران لێی داکردین .

*بارانەکە هەموو گیان می تەرکرد.

لەم رستانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەویٚ واتای سەرەکی( وشەی بارانە ) بریتییە لە چەند سیمایەك کە بە هۆیانەوە دەتوانین ( باران ) لە دیاردە نزیکەکانی ( تەرزە , بەفر, سەهۆلٚ....هتد ) جیا بکەینەوە.

*جۆری دووەم : واتای لاوەکی, ئەو واتایەیە کە وشە یان کەرەستەیەکی تری زمان لە ئە نجامی کۆبونەوەو هەڵسو کەوت و رەفتاری لەگەلٚ هاوریٚی نائاسایدا پەیدای دەکات, بە واتایەکی تر ئەم جۆرە واتایە تەواو بەندە بە دەوروبەرەوە وە وشەکە بەهۆی ئەم لاو لایەوە ئەم واتایە دیٚنیٚتە کایەوە بۆنموونە : وشەی (( باران )) لە ئە نجامی کۆبوونەوەیکدا لەگەلٚ چەند کەرەستەیەك کە زۆر کەم (( هاوریٚیەتی )) دەکەن دەتوانیٚ واز لە هەموو سیماکانی خۆی بیٚنیٚ یەکیٚك لە سیما لاوەکیەکان هەلٚبژیٚریٚ و بۆنموونە لە رستەی:

( گوللە وەك باران دەباریٚ )

لیٚرەدا بەهۆی دەوروبەریەوە ، لەئە نجامی کۆبوونەوەیەکدا لەگەلٚ وشەی(( گوللە )) دا- وشەی ( باران ) تەنیا سیمایەکی داوەتە بەر رۆشنایی کە ئەویش ئەوەیە ( ئەم دلٚۆپانە گەلیٚ جار زۆر و تیژ و بەهیٚزن خیٚرا بە دوای یەك دا دیٚن ) لە کاتیٚکدا ئەم سیمایە تەنانەت یەکیٚکیش نییە لە وانەی هەمیشەیی بیٚت بە واتایەکی تر هەموو بارانیٚك زۆر تیژ و بەهیٚز نییە دلٚۆپەکانی مەرج نییە خیٚرا بە دوای یەکدا بیٚن هەروەها وشەی تەرزە دەتوانیٚ لە هەمان رستەدا جیٚگەی (( باران )) بگریٚتەوە , لەم جۆرە رستانە دەبینین (( باران )) واتای لاوەکیە یان تایبەتی وەرگرتووە چونکە بە هۆی دەوروبەریەوە ( بە هۆی هاوریٚی نا ئاساییەوە ) هەندیٚ لە سیما جیاکەرەوە بنەرەتیەکانی خۆی سریوەتەوە و سیمایەکی لاوەکی هیٚناوەتە پیٚش داویەتیە بەر رووناکی. ( فەتاح,1986:ل106-107 ).

*ئەوانەی لە دروستبوونی ئیدیۆمی کوردیدا دەوری بالاٚیان هەبووە:

1-خواستن : خواستن بەندە بە لیٚکچوونی دوو شت یان زیاترلە رووی ئەرك , دیمەن, رەفتار, شویٚن , لیٚرەدا دوو شت یان زیاتر بە یەکتر دەچویٚندریٚت وە ناوی یەکیٚکیان دەنریٚ لەوی تر , خواستن لە هەڵکەوتدا زۆر لە لیٚکچواندن دەچیٚ کە ئامرازی لیٚکچواندنی نەمابیٚت ( لیٚکچواندنی شاراوە ) لیٚکچواندن لە خواستن لەوانەیە لە رووی ئەرکەوە بیٚت وەك (( سەر کار )) وەك چۆن ( سەر ) لەشی ئادەمیزاد بەریٚوە دەبات هەروەها سەرکاریش ئەرکی ( سەر ) دەبینیٚ یان کار بەریٚوە دەبات, یان لەرووی دیمەنەوە ( سیە مارە- سیە وەك مار ) یان لەرووی شویٚن ( سەرقاپ- قاچی میٚز ) بلاٚوترین جۆر لە خواستن لە زمانی کوردیدا ئەوانەن :( دەمی کانی- رووبار- چاوی میٚز- دەستی کورسی ) .

*وشکە پیاو : پیاوی پیسکە و رەق.

*نانی کەوتە رۆنەوە : قازا نجی کرد.

*نانی بڕی : لە کارەکەی دەریان کرد.

2- درکە : لەم جۆرەدا ئەو دوو شتەی ناو دەگۆڕنەوە زۆر نزیکن لە یەکتری بە واتایەکی تر , لێرەدا ناو گۆڕینەوەکە لە نێوان دوو شت دا دەبێت کە لە واقعیدا پەیوەندیان زۆرە لە گەڵ یەکتردا جا پەیوەندیەکە کات یان شوێن یان ئەرك یان هۆ , بۆ نموونە :

*ورگی سەرناوە: واتە قەڵەو بووە ( پەیوەندیەکە لە نێوان ورگ و خواردندایە ).

*لێوی لێ نەداوە: نەی خواردووە ( پەیوەندیەکە لە نێوان لێو و کۆئەندامانی خواردندایە ).

*دووکەڵ لە ماڵی هەڵناسێ : هەژارە ( دووکەڵ لێرەدا نیشانەیە بۆ چێشت لێنان , دووکەڵ ( جاران ) لە هەر ماڵێکەوە هەڵسابێت , ئەوە نیشانەی ئەوە بووە کە ماڵەکە شتێك ئامادە دەکەن بۆ خواردن .

( فەتاح, 1986: لا110 -111 ).

3-مبالغە ( زیادە رۆیی ): ئەوەیە کە واتاکەی لەگەڵ واقیع یەك ناگرێتەوە, بۆ نموونە :

*( موو بە بەینیان ناچێ ) واتە : زۆر نزیکن ( هەر لێرەدا زانیمان ( موو ) بۆ موبالەغە بەکارهاتووە ئیتر دەزانین کە ئیدیۆمەکە بە واتای (( زۆر نزیکن )) یان (( زۆر رێکن لەگەڵ یەکتر )).

*هەژدە هەژدە قسە دەکات .

*لە هەزار ئاوی داوە : واتە ( زۆر وریایە ) .

*یەك باڵە : واتە ( بێ یاریدەدەرە ).

4-تەوس : ئەو دەربرینانە دەگرێتەوە کە بە توانج گوتراوە واتە راست نییە یان بەو واتایە دێت کە واتای ئیدیۆمەکە کت و مت پێچەوانەی واتای وشەکانە بۆ نموونە :

* پاشەڵی جوانە : واتای ئیدیۆمەکەمان بۆ لێك نادرێتەوە تا لەو راستیە نەگەین کە لێرەدا (( جوان )) بە تەوسەوە بۆ گاڵتەکردن بەکارهاتووە کت و مت پێچەوانەی (( جوانە )) زیاتر بە واتای ( پیس ) یان ( بۆگەن ) دێ .

*دەست بخەرە دەمیەوە بزانە دەیگەزێت .

*دەستی بە ماڵی خۆیەوە نا .

5- **پۆشین :** زۆر دیارده هەیە پەیوەندی بە جنس و نەخۆشییەوە هەیە و دەپۆشرێت بۆ نموونە :

*دەستیان لێوەشاندووە : واتە ( شێت بووە ) .

*بازاڕی گەرمە : بۆ کچ بەکاردێ .

*دوو گیانە : ( بۆ ژن = سکی پڕە ).( دزەیی , 2011 :لا16 )

## بەشی دووەم

## ( ئیدیۆم لە شێوەزاری خانە قین )

### *کورتەیەك لە سەر زاری خانەقین:

خانەقین بە عەرەبی( خانقین ) و بە ئینگلیزی Khanaqin ) شارۆچکەیەکی عێراقە و بە شاری برایەتی و

پێکەوە ژیان ناسراوە , چونکە هەر لە کۆنەوە ناوچەیەکی فرە نەتەوە بووە , هەریەك لە ناحیەکانی ( جەلەولا و سەعدییە و قەرە تەپە و مەیدان و بانمیل و مەرکەز ) ژمارەیان حەوت ناحیەیە سەر بە شارۆچکەی خانەقینن.

### *شوێنی جوگرافی:

خانەقین سەر بە پارێزگای دیالەیە وە لە سنووری ولاتی ئێران نزیکە رووباری ئەڵوەند ناوچەکەی کردوە بە دوو بەشەوە رووبەرەکەی ( 16 هەزار کیلۆمەتر دووجایە ) و کەش هەوای مام ناوەندە.

### *دانیشتوانی:

دانیشتوانی خانەقین لە چەند نەتەوەیەك پێك هاتوون کورد رێژەی هەرە زۆری پێك دەهێنێت بە تایبەتی کوردی( کەلهوری و گۆران ) کە پەیرەوی رێبازی شیعەن بە شێوەزاری کەلهوری قسان دەکەن , بە هۆی هەمەجۆری نەتەوەکانی خانەقین ناوچەکە خاوەن کلتوورێکی دەوڵەمەند و تاییەتە تێکەڵەیە لە کورد و عەرەب و تورکمان تەنانەت بە هۆی نزیکی لە سنووری ئێران کاریگەر بووە بە کلتوری فارسی , بە پێی خەملاندنی سەرژمێری ساڵی 2017 لە عێراق ژمارەی دانیشتوانی خانەقین( 160,379 ) کەس بوونە.

## *پۆلێنکردنی ئیدیۆمەکان:

*ئەو ئیدیۆمانەی کە بۆ ئەم باسە کۆمانکردووەتەوە هەوڵدەدەین پۆلێنیان بکەین لە رووی رستەیی و وشەییەوە.

| | ئیدیوم لە شێوەزاری خانە قینی | واتاکەی | جۆرەکەی |
|---|---|---|---|
| 1- | ئاخوری بەرزە | بە یەکێك دەوترێت کە لوتی بەرز بێت | ئیدیۆمی رستەیی . |
| 2- | ئاخر خێر | بە یەکێ دەوترێ بەختی باش بێت | ئیدیۆمی وشەیی . |
| 3- | ئاخر شەڕ | بە یەکێك دەوترێ بەختی خراپ بێت | ئیدیۆمی وشەیی. |
| 4- | ئاخوری چەورە | بە یەکێك دەوترێ کە سامانداره | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 5- | ئاصنی سەرد ئەکوتێ | واتا کارەکەی بێ ئە نجامە | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 6- | ئاشی ناگەڕێت | کاری وەستاوە پەکی کەوتووە | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 7- | ئاو ئاو چێت | توشی شتێك بێت رزگاری لە دوا نەبێت وەکو ئاو ون بێت | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 8- | ئاوی چاوی سەند | ترساندی تۆقاندی | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 9- | ئاو ژێر کاسەیە | بێ کەڵکە | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 10- | باغ بەرەڵایە | بە شتێك دەوترێ بێ خاوەن بێت | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 11- | بارەکەی کەفتییە | پشوو دەدات | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 12- | باریکان ئەرێسێت | زۆر درێژە بە قسە ئەدات | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 13- | بەندی قایم کرد | توشی گرفتی کرد | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 14- | بێ دەم و پلە | واتە نازانێت بدوێت | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 15- | پارە پیسە | واتە رەزیل و چروکە | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 16- | پشتی دا لە زەوی | واتا ناپاکی لەگەڵ کرد | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 17- | پا گوینە | واتە پێی دەوێرێ | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 18- | پای خستە ناو کەوش | واتە زۆری لێکرد | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 19- | تازە کیسەیە | بە یەکێك دەڵێن کە تازە کەوتبێتە پارە پەیداکردن | ئیدیۆمی وشەیی. |
| 20- | تەڕ پوشە | حەز لە بەرگی ئالاو والا دەکا | ئیدیۆمی وشەیی. |
| 21- | تەنویر تا گەرمە نان ئەورشنێ | واتە کار تا گەرمە تەواوی بکە | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 22- | چوار چاوە | واتە دوو ژنی هەیە | ئیدیۆمی وشەیی. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 23- | دەسی پان کردەوە | واتە دەرۆزە دەکات | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 24- | دەمکوتی کرد | لە قسەی خست بێ دەنگی کرد | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 25- | دەمی پان کردەوە | واتا هەمیشە پێدەکەنێت | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 26- | سەری کردە سەری | واتە زۆری لەگەڵ وت | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 27- | دڵی خەلاسی کردیە | واتە بێ هیوایە | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 28- | چاو لە دەشت | واتە چاو حیز | ئیدیۆمی وشەیی. |
| 29- | ئاگر لە چاوی ئەواریٚ | واتە زۆر تورەیە | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 30- | وە دەرزی بیر هەڵئەکەنێت | واتە پەلەی نییە لە کارەکەی | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 31- | چاوی چویە سە پشت سەری | واتە سەری سورماوە ). | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 32- | دەس ئەخاتە ناو قورگ ئەسەدەوە | ( واتە دەتوانیٚ بەرامبەر ئازاترین کەس بوەستیٚ | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 33- | دەسی لە بنەوە بڕی | واتە ئیفلاسی کردووە | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 34- | ئێژی سەگ پا سوزیایە | واتە ئەو کەسانەی کە ناتوانن دانیشن | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 35- | وە زووانە | واتە قسە زانە | ئیدیۆمی وشەیی. |
| 36- | پای قورسە | واتە لە رۆیشتن خاوە | ئیدیۆمی وشەیی. |
| 37- | گیسکەکەی هەیاسی خاسە | واتە بۆ شتی بێ نرخ بەکاردیٚ | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 38- | ناقەی شۆڕە | بە یەکێك دەڵێن کە خۆی بە شتێکی تەواو دانێت | ئیدیۆمی وشەیی. |
| 39- | وجاخ کورە | جاران بە یەکێك دەوترا کە منداڵی نێرینەی نەبوایە ). | ئیدیۆمی وشەیی. |
| 40- | ئەیە برای خاسە دە هەر مەناسەی | واتە لەو کۆمەڵە برایە ئەوەیان باش خۆی دەردەخات | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 41- | کردەی جاجك خۆشەی ژێر دگانی | واتە بە یەکێك دەڵێن کە قسەیەك زۆر بلێتەوە | ئیدیۆمی وشەیی. |
| 42- | گەزگەز بالاٚ ئەکات | واتە زۆر دڵخۆشە | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 43- | گیسکە گرویێ بار بوان | واتە بۆ شتی بێ نرخ بەکاردیٚ | ئیدیۆمی وشەیی. |
| 44- | لویتی رەق بیە | واتە بە قسەکە پەست بووە | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 45- | بە خاسە خاسە ڕیایە کاسە | واتە ئەوەندە مەتح کراوە و باشیان پێوتووە خۆی بیرچووە | ئیدیۆمی وشەیی. |
| 46- | ئەوەی فرە بخوات فرە مەعیشەت ناکات | واتە ئەو کەسەی زۆر خۆر بێت | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 47- | ناو شانی پانە | واتە خوو رەوشتی باش نییە | ئیدیۆمی وشەیی. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 48- | دگان لە سینەی هاتییە | واتە ئەوەندە فرو فێڵاوییە کە با وەری پیێ ئەکەیت | ئیدیۆمی رستەیی. |
| 49- | گوشی شلە | واتە ساویلکەیە و زوو فریو ئەدریێ | ئیدیۆمی رستەیی. |

ئه نجام:

لەكۆتایدا گەیشتمە چەند ئه نجامێك :-

1-زۆربەی ئیدیۆمەكان لە شێوە ئاخاوتنی خانەقینی لەو نموونانە وەرگیراون ( وشەیی - رستەیی )ن.

2- لەم توێژینەوەیە دا رێژەی ئیدیۆم بە زۆری بە شێوەی رستەیی بەرچاو دەكەوێت.بە رێژەی (71.42٪) و ئیدیۆمی وشەیی بە رێژەی ( 28.87%)

# سەرچاوەکان

## یەکەم: پەرتوکەکان:


1- فەتاح ، محمد مەعروف( 1986 ), ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردی ، چاپخانەی سلێمانی

2- محمد ئەمین، زەکیە رەشید ( 2011 ), کۆمەڵێك پەند و ئیدیۆمی کوردی ، چاپخانەی لەریا ,سلێمانی.

3- شەریف ، عەبدوالوەهاب کانەبی ( 2005 ), فەرهەنگی ئیدیۆم لەزمانی کوردی چاپخانەی سلێمنی.

4- دزەیی ، عەبدوالواحید موشیر ( 2011 ),لێکسیکۆلۆجی - چاپی یەکەم ,هەولێر.

5- داود ، محمد محمد ( 2013 ), معجم تعبیر اصتلاحیه فی اللغه العربیه .

6- عەلی ، جەلال محموود ( 1982 ), ئیدیۆم لە زمانی کوردی - چاپی یەکەم.

7- سایە ، نعمت عەلی( 1988 ), فەرهەنگێکی کوردی عەرەبی زاری کەلهوری - بەشی یەکەم -بەرگی یەکەم -بەغدا.


## نامە ئەکادمییەکان:


1- عەلی ، فەتاح مامە( 1998 ), ئیدیۆم لە زمانی کوردی - زانکۆی صەلاحەدین - کۆلێژی زمان ,هەولێر.

2- حسێن ، شیلان عومەر ( 2009 ), چەشن و پێکهاتنی ئیدیۆم لە زمانی کوردی زانکۆی سەلاحە دین ,کۆلێژی زمان هەولێر.


## سایتەکان:


1-https// bilaraiya. Net/10570.htm.

2-https//bibilo- mosta/dz/handle 2021.

3-https//archive. Org.

4-https//www. Emro.com/idiom.htm.